# شانۆگەری جەنگی میلیتاریزمەکان و بەرەیەک لە خورافە

**رزگار شەیبان**

دەورانی ژەنەراڵەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست لە هاوکێشەی جیهانی ئەمرۆدا بەرەو لاوازبوون و لاکەوتەی دەروات لە بەرامبەر بازاری دیموکراسی و کۆمپانیا و بانکە گەورەکانی جیهان. بەتایبەت میلیتاریزمی دەوڵەتی تورکیە کە وولاتیکی ئابووری لاوازی لە پشتەوەیە.

ئەمەیە کە پشێوویەکان و هەراکانی ئەم دوایەی لەگەل خۆیدا هیناوە، کە بە قەیرانی نێوان هەریمی کوردستان و تورکیە ناسراوە لە میدیاکاندا. قەیرانیکی سیاسی کە زیاتر لە شانۆگەریەکی کۆمیدی تراژیدی دەچیت کە ژەنەراڵەکان و خاوەن بروانامەکانی میلیتاریزم و سەرۆک و کارمەندانی دەولەت، هەریەک خەریکە دەوری ئەکتەریک دەگێریت لە سەر سەکۆی ئەو شانویە. شانۆگەریەک کە بێجگە لەوە کۆمەلیک بازرگانی بچوک لەهۆلەکەیدا دەبینریت، کۆمەلیک نەژادپەرست و نەتەوەپەرست لەریزی یەکەمی جێگاکاندا بە خۆشحالیەوە دانیان بۆ نمایشی جنگ دەرخستوە و چەپلە بۆ سەرکەوتنی خۆیان لیدەدەن.

چ هەلومەرجیکی سیاسی و جیهانی تازەیە، وایکردوە کە میلیتاریزمی رۆژهەلاتی ناوەراست ئەوەندە رسوابیت کە لە دەوری دیپلوماسی و لە بەرگی مافی مرۆڤ و دیموکراسیدا لەبەردەم کۆنگرە رۆژنامەوانیەکاندا دەرکەوەن،یان کە خوایان بالاترین دەزگای تیرۆریستن، ئیستا بێن گوایە پلان لە دژی تیرۆر دادەنێن و ناوچەکە لە مەترسی تیرۆر دەپارێزن.

هاوکێشەیەکی تەواو تازەیە کە میلیتاریزم هەموو خەونەکانی خۆی بە بیروورای جیهانی میدیاکان و سەرەنجامی دیپلۆماسیەوە ببەستێتەوە. بە پێچەوانەی هەموو ئەو بۆچوونانە کە سەردەمی تازەی سیاسی تورکیە بە دەسەلاتی ژەنەراڵەکان و بالادەستی میلیتاریزم ناوزەنگ دەکەن، لاوزترین دەورانیانە و کۆتای سەدان سال گرنگی ستراتیژی میلیتاریزمی تورکییە لە ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەراست.

سەرەتای سەرهەڵدانەوەی کێشەی بلۆکەکانیش ئارایشتیکی تازە و پێچەوانەی دەورانی پێشووتر، دەوڵەتانی ئەورووپای رۆژهەلات و ئازەربایجان و ئەرمینیا باشتر رۆلیان بۆ رۆژئاوا و ئەمریکا دەبیت وەک لە تورکیە. بێجگە لەوە میلیتاریزمی ئەمریکا راستەوخۆ دەستی لە ناوچەکە گیرکردوەو پایگاکانی بەبێ هیچ رێگریەک لەو ناوچەیە دەتوانیت دامەزرینیت. بە بێ ئەوەی تەنانەت "حیزبە شۆرشگێرە شیوعیە پرچەماوەریەکانی" دەورانی کۆنیش هیچ نارەزایەتیەک دەربرن لە توێی "بەیانامەیەکی نهێنیشدا" بێت.

لەم هەلومەرجەدایە پەککە لە دووردەسترین شاخەکانی قەندیل و هەکاریەوە دەبرێنەوە ناو جیهانی سیاسەت و لە سەرتاسەری جیهاندا زۆرترین جێگا لە میدیاکاندا دەگرنەوە. هەریمی کوردستان باشترین و ئارامترین هەریم و بەهەشتی عیراق پێناسە دەکریت، کێشەی کورد لە هەر چوارپارچەکەدا بەشیوەیەکی سەرسورهێنەر دەبیتە باسی جیهان، و تەنانەت لە پارلەمانی رووسیە بەبێ هیچ بەربەستێک دەنک لە دژی لەشکرکێشی میلیتاریزمەکانی تورکیە دەدریت و کوردستان لە هاوکێشەی تازەی رووسیەشدا جێگا دەگریت. خەلکی کوردستان سەرباری هەر دژایەتی و نارازیبونێک بەرامبەر بە حکومەتی هەریمی کوردستان، چونەتە پشتی بەرگریی لە کوردستان، و تەنانەت کۆمۆنیستە رادیکاڵەکانیش مانۆری بەرگری کوردستان دەدەن. کەچی سەرانی دەسەلاتی کوردستان زۆر لاوازن لەبەرامبەر داخوازیەکانی میلیتاریزمی شکستخواردووی دەولەتی تورکیە. رەنگە بۆ بەردەوامبوونی ئەو شانۆگەریە، مانۆری جەنگ سنوور و شاخە دووردەستەکان بگرێتەوە، بەلام میلیتاریزمی تورکیە ناتوانێت شاریکی کوردستان کە تەنانەت یەک کۆمپانیای رۆژئاوا و ئەمریکای لێبیت تۆپبارانکات یان فرۆکەیەکی جەنگی بە ئاسمانەکەیشیدا بەرێت.

سەرباری هەموو ئەم هەلومەرجە پۆزەتیڤە بۆ کێشیە خەلکی کوردستان، بروناکەم سەرانی دەسەلاتدارانی

کوردستانیش یەک هەنگاو لە بەرژەوەندی کێشەی کوردستان هەڵبگرن.

ئەوەی لەم نیوەدا زیاتر پێدەگرێت و پەرەدەستێنیت بەرەی نەژاتپەرست و نەتەوەپەرستە لە ناو شەقام و شارەکاندا. تەنها هەژاندنی دەریای مەنگی رادیکالیزم و سۆسیالیزم و شەپۆلی بزووتنەوەی کرێکارانی ناو کۆمەڵگای تورکیە، دەتوانێت بۆ هەتایە کۆتایی بە مانۆر و شانۆگەریی میلیتاریزم بێنێت و ئەو کەشتیە کاخەزینەی نەتەوەپەرست و نەژادپەرستەکانیش ژێرخات.

rezgarshaiban@yahoo.com